KURDISTAN NET کوردستان نێت

شیعر :

# هەموو بەیانی‌یەک لەبەردەم ئاوێنەکەماندا..

« یاسینی فەقێ سەعی »

ئەی پەناهەندە ،
تۆ باڵندەی هەر قەدپاڵو چیایەک بیت ،
لە هەر دۆڵ و پێدەشت و نزارێکەوە هاتبی ،
مناڵی هەر گەرمەسێرێک بیت ،
لە هەر چەمو ڕووبارو دەریایەکدا ژیابی ..
لە ئاسمانی ئەم تاراوگەیەدا، بێ‌مانایە فڕینت !
لەم خاکی غەریبی‌یەدا، مردووە هەناسەدانت !
لە هیچ کەنار دەریایەکی ئەم کیشوەرەدا، گەرمت نابێتەوە !
لە هیچ ئاوێکدا، مەلەکردنت بیرناکەوێتەوە !

ئەی پەناهەندە ،
تۆ هەر ڕابووردوویەکت هەبووبێ،
سبەینێت پڕە لە پەشیمانی .!
تۆ لە هەر هەنووکەیەکدا بیت،
داهاتووت مەستە بە خەون .!
تۆ لە ئێستا بە دواوە خۆت نیت
کاڵتری لە ڕابووردووت ،
دوبارە بوونەوەی مناڵییت .!

ئەی پەناهەندە ،
تۆ کوڕی هەر شکۆیەک بیت ،
دەستەکانت خنکاوی پاڕانەوەن .!
تۆ زەنگینی هەر سامانێک بیت ،
ڕۆحێکی کوژراویت بە سواڵ .!
ئێستایەکت هەیە لە هیچێتیی ..
کەسێتی‌یەکت هەیە لە دوکەڵ ..

ئەی پەناهەندە ،

**تۆ لە هەر کوێیەک بژیت ،**
**لە کۆڵانە قوڕاویەکانی یادەوەریتا پیاسە دەکەی .**
**لە هەر کیشوەرێک بیت ،**
**نیشتمانەکەت بە کۆڵتەوەیەو ناتوانی**
**یادەکانت بیرچێتەوە ..**
**نیشتمان هەر چەندە دۆزەخ بێت ،**
**ئەو بەهەشتەیە کە دواجار**
**باوەش بۆ لاشەکەت دەکاتەوە ..**

**ئەی پەناهەدە ،**
**تۆ بێئەوەی بکوژێکت هەبێ ، کوژراویت ..**
**بێئەوەی تاوانێکت کردبێ ، زیندانیت ..**
**تۆ چەند بالاٌبەرزبی ، هەر گرگنی .!**
**تۆ چەند ناوداربی ، هەر وونی .!**

**ئەی پەناهەندە ،**
**تۆ دەتوانی هەر هەموو دنیا ببینی ..**
**هەر هەموو دنیا ببیستی ..**
**بەڵام مەحاڵە کەس هەبێ ،**
**وەک نیشتمان تۆ ببینێ .!**
**وەک نیشتمان تۆ ببیستێ .!**
**دنیا هەیە .. پڕە لە جوانییو ئاواز**
**ژیان هەیە .. تەڕ تەڕە بە بوون**
**بەڵام تۆ ئەی پەناهەندە**
**چۆڵو هۆڵیت لە جوانیی**
**کشوماتی لە ئاوازو لە گۆرانی**
**تۆ سێبەریت ..**
**بێ بارانو پڕ لە سەراب**
**وەک عەرعەریت ..**

*　　*

بەلژیك ـ پایزی 2003
Yassin.abdellah@pandora.be